Göteborgs Stad

# هەماهەنگی نێوان خوێندنگا و ماڵەوە

خوێندنگا و سەرپەرشتیاران ئەرکێکی هاوبەش دەکەوێتە ئەستۆیان کە چەند بۆیان بکرێت باشترین بارودۆخ بۆ گەشەکردن و فێرکاری بڕەخسێنن. بۆیە گرنگە کە هاریکاری لە نێوان خوێندنگا و سەرپەرشتیاراندا باش بەڕێوە بڕۆن. بۆ یارمەتیدانی ئەو هاریکاریە ڕێکارێک هێنراوەتە گۆڕێ دەربارەی ئەوەی کە دەشێت کارمەندانی خوێندنگاکاندا ، خوێندکاران و سەرپەرشتیاران چاوەڕوانیی چی لە یەکتری بکەن.ً

## دەکرێت تۆی سەرپەرشتیار چاوەڕوانیی ئەم شتانە لە خوێندنگا بکەیت

» کە خوێندنگا به شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا زانیاریت بداتێ لەسەر ئامانجەکانی خوێندنگا، ڕۆتینە گرنگەکان و ڕێساکانی ڕێوپیکی. وە خوێندنگا بۆت باسبکات کە چۆن و کەی خوێندنگا و ماڵەوە دەشێت پەیوەندی بەیەکەوە بکەن وە لە خوێندنگا هەر کەسە و بەرپرسیارە لە چی.

» کە خوێندنگا بەڕیزەوە مامەڵەت لە گەڵدا بکات و هاریکاریت بکات دەربارەی بارودۆخی منداڵەکە لە خوێندنگا، ڕادەی پێخۆشبوون و دڵنیایی هەروەها گەشەکردنی لە بواری زانستدا.

» کە خوێندنگا زانیاریت پێبدات لە حاڵەتی گواستنەوەی خوێندکار لە نێوان قۆناغەکانی خوێندن، خوێندنگاکانی تر و جۆرەکانی خوێندنگاکاندا بۆ ئەوەی چەند لە تواناد‌ا بێت قۆناغی گواستنەوە بە باشی بڕوات بەڕێوە، بۆیە زیاتر گرنگە پویوەندی لە نێوان ماڵەوە و خوێندنگادا باش بڕوات بەڕێوە.

» کە خوێندنگا هەلومەرج بۆ هەموو خوێندکارێک بڕەخسێنێت بۆ ئەەوی چەند بتێرک پەر ەبە خۆی بدتا لە گناڕوەی بەهیدێنایذ ئاماجنەکایذ بەرنامەی خوێندنەە، وهەرەوها خوێندگنا کاربکات بۆ ئەەوی هەر خوێندکار ە ولە سۆگنەی هەلومەرجەکاینەە و بەرپرسیاربێت لە فێربو ونیخۆ ی.

» کە خوێندگنا بەرپرسیار بێت لە خوێندکار انلە میانەی ئەو کاتانەاد کە لە خوێندگنان. چۆینەتی بەێڕوەچو ونی چایرێدوەکان بە شێویەەکی پارکوە یکیتلەخۆگرتنی پەیونەدی بە تەمەیذ خوێندکار، پێویتسیەکایذ ەدارڕ وی 0پگیەتشینیەە وهەیە.

کە خوێندنگا هەوڵدات زانیاری ڕونوئاشکرا سەبارەت بە ئەگەری پێدانی وەزیفە بۆ ماڵەوە هەروەها ئامڕازی فێرکاری گونجاو بۆ بە ئەنجامگەیاندنی وەزیفەکان لەبەردەستدا بێت.

» کە خوێندنگا زانیاریت بداتێ لەسەر ئەوەی چۆن کاروباری منداڵەکەت دەچێت بە ڕێوە لە ڕووی بەدەستهێنانی زانست و تێکەڵاوی لەگەڵ دەوروبەردا، هەروەها پەیوەندیت پێوە بکات ئەگەر شتێکی وا ڕوویدا کە پێویستکات خوێندنگا لەگەڵتدا بدوێت.

## دەکرێت خوێندنگا چاوەڕوانیی ئەم شتانە لە تۆی سەرپەرشتیار بکات

- که تۆ لە سۆنگەی هەلومەرجەکانتەوە بەرپرسیاربیت لە کاروباری خوێندنگا و چیت لە توانادایە بە باشترین شێوە ئەنجامی بدەیت.
- کە تۆ میهرەبان و بەرێز بیت لە هەمبەر خوێندکاران و کارمەندانی خوێندنگا. لەو حاڵەتەدا تۆ و منداڵەکەت یاریدەی ئەوە دەدەیت کە ژینگەیەکی باش لە خوێندنگا هەبێت کە دڵنیایی و کەشوهەوایەکی باش بۆ خوێندن دەخوڵقێنێت.
- کە تۆ ئاگات لە کەلوپەلی خوێندنگا و ئەو ژینگە هاوبەشە هەبێت کە خوێندنگا هەیەتی.
- کە تۆ هەموو ئەو شتانەت پێبێت کە پێویستیت پێیانە بۆ ئەوەی بتوانیت بە تەواوەتی بەشداری لە هەموو وانەکاندا بکەیت لە میانەی ئەو کاتانەی کە ڕۆژەکە لە خوێندنگایت.
- کە لە کاتی خۆیدا لەوێ بیت.
- کە زمانێکی جوان و ڕەوان بەکاربهێنیت.
- کە ڕێساکانی ڕێکوپێکی پێڕەو بکەیت کە لە خوێندنگاکەدا هەیە وە تۆ بەشداری بکەیت لە پەرەدان بە ڕێساکان .
- کە تۆ بەشداری بکەیت لە خوێندنا و کاروباری خوێندنگا جێبەجێ بکەیت. دەشێت هەموو خوێندکاران بتوانن کاریگەری بکەن و ئەرکەکانیان بەجێ بهێنن لە سۆنگەی هەلومەرجەکانیانەوە.

## دەکرێت خوێندنگا چاوەڕوانیی ئەم شتانە لە تۆی خوێندکار بکات

- کە تۆ بەرپرسیار بیت لەوەی کە منداڵەکەتبێتەوە بۆ خوێندنگا، بە پێی ئەرکی چوونە خوێندنگا بە تۆپزی و ئەگەر منداڵەکەت نەیتوانێ بچێتەوە دەشێت بە خوێندنگا ڕاگەیەنیت.
- کە تۆ بەرپرسیار بیت لەوەی کە منداڵەکەت باش حەوابێتەوە و لە کاتی خۆیدا لە خوێندنگا بێت.
- کە تۆ دەربخەیت متمانەت بە پیشەوەرە جیاوازەکانی خوێندنگا هەیە وە بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت.
- کە تۆ گوێبدەیت بەو زانیارانەی کە لە خوێندنگا وەریاندەگریت وە لەو کۆبوونەوەانەدا بەشداری بکەیت کە خوێندنگا دەیانخاتە ڕوو. گرنگە تۆ زانیاری لەسەر منداڵەکەت و زانیاریەکانت بۆ پەیوەندی پێوەکردن بدەیت بە خوێندنگا تاوەکوو خوێندنگا بتوانیت وەک سەرپەرشتیار تۆی دەستکەوێت.
- کە تۆ پشتگیری منداڵەکەت بکەیت و دنەی بدەیت لە کاروباری خوێندنگادا و هەوڵدەیت بزانیت منداڵەکەت شتومەک و ئامرازی خوێندنی تەواوی پێیە، کاتێک دەچێتە خوێندنگا.
- کە لەگەڵ منداڵەکەتدا بدوێیت دەربارەی ئەوەی کام ڕێسایانە لە خوێندنگا لە ئارادان وە بۆچی گرنگە ڕێز لە هەموو خوێندکاران و گەوران بگرێت. لەو حاڵەتەدا تۆ و منداڵەکەت یاریدەی ئەوە دەدەن کە ژینگەیەکی باش بۆ کارکردن لە خوێندنگا بخوڵقێنن لە نێوان خوێندکاران و مامۆستایان و کارمەندانی تری خوێندنگا.



## دەربارەی ڕێکارەکان بۆ هەماهەنگی لە نێوان خوێندنگا وماڵەوەدا

تێەم دۆکومێنتە لە سەر یاساکانی خوێندنگا و بەرنامەی فێرکاری بنیاتنراوە. ئەمەش پشتگیریە کە بۆ ئەو پەیوەندیانەی لە نێوان خوێندنگا، خوێندکار و سەرپەرشتیاراندا هەیە وە لە نێو خوێندنگا بنەڕەتیەکان، خوێندنگای بنەڕەتی تایبەت، خانەی کاتی دەستبەتاڵی، پۆلی پێشخوێندنگا و چاودێری کورتخایەن بۆ ئەو لاوانەی خوێندنگا کە 12 ساڵن (بە پێی LSS) پێڕەو دەکرێن لە لایەن کارگێڕی خوێندنگا بنەڕەتیەکانەوە. دکۆمێنتە کە هەموو سەرپەرشتیاران، خوێندکاران و کارمەندانی بەڕێوەبردنی چالاکیەکان دەگرێتەوە.

## ئەگەر تۆی سەرپەرشتیار هەستت بە کەموکوڕی کرد لە خوێندنگا

ئامانجمان لەمە ئەوەیە کە هاریکاریە کە لە نێوان ماڵەوە و خوێندنگادا لە ڕێگای دایەلۆگەوە بڕوات بەڕێوە. ئەگەر تۆی سەرپەرشتیار هەستت بە کەموکوڕی کرد مافی ئەوەت هەیە سکاڵا دانێیت بە پێی ڕۆتینەکانی کارگێڕی خوێندنگا بنەڕەتیەکان بۆ وەرگرتنی سکاڵا و لێکۆڵینەوە لە لێیان. تۆ دەتوانیت بە شێوەی زارەکی یان بە نووسین سکاڵا دانێیت.

**دەکرێت زیاتر لەسەر دانانی سکاڵا بخوێنیتەوە لە ماڵپەڕی خوێندنگاکەتدا لە: goteborg.se**